نێچیرڤان بارزانی و عەبادی داکۆکییان لە پێویستیی کاری هاوبەش کردەوە بە چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانییەکان

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حەیدەر عەبادی سەرۆکی هاوپێمانیی نێسر داکۆکییان لە پێویستیی کاری هاوبەش کردەوە بە چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانییەکان، بە شێوەیەک کە سەقامگیریی وڵات و مافی هەموو پێکهاتەکانی دەستەبەر بکات.

بەپێی راگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی بەرنامەی سەردانەکەیدا بە بەغدا، پێشنیوەی ئەمڕۆ دووشەممە 13-01-2025 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ د. حەیدەر ئەلعەبادی، سەرۆکی هاوپێمانیی نێسر کۆبووەوە.

لە دیدارەکەدا باس لە بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغدا کرا، هەروەها داکۆکییان لە پێویستیی کاری هاوبەش کردەوە بە چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانییەکان، بە شێوەیەک کە سەقامگیریی وڵات و مافی هەموو پێکهاتەکانی دەستەبەر بکات، ئەمەش وەکو لە راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا هاتووە.

لە دوا تەوەری کۆبوونەوەکەی نێچیرڤان بارزانی و حەیدەر عەبادیدا، دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە و لێکەوتەکانی و چەند پرسێکی دیکەیان خستە بەر باس.